## پەیگا گامی

# فیلمێکی دۆکیومێنتی گوزارشت لە ژیانی ئێزدییەکان دەکات بەرهەم دەهێنێت

دیمانە: شوان سدیق



پەیگا گامی دیەوێت لەرێگای کورتە فیلمێکەوە کوردە ئێزدییەکان، بەجیهان بناسێنێت کە ئەوان مرۆڤێکی خاوەن باوەر و کولتوورێکی دێرینیان هەیە لە گشت بوارەکان، هەرچەندە تێڕوانینی زۆرێک لە کۆمەڵگە و نەتەوەکانی تر بۆ ئێزدییەکان"، بەبۆچوونی پەیگا بەشێوەیەکی نێگەتیڤانە سەیر دەکرێن"، بەڵام ئەو پێیوایە لە رێگای نیشاندانی فیلمێکی دۆکیومێنتییەوە راستی ژیانی ئێزدییەکانمان بۆ روونەبێتەوە کە ئەوان خەڵکانێکن بەئاین و کولتوور و کۆمەڵگە کەشیانەوە، دەیانەوێت بەخۆش بەختی بژین، کە ئەمە بەپێچەوانەی ئەو تێڕوانین و بۆ چوونە هەڵانەدێت بەئێزدییەکان دەگوترێت مرۆڤانێکی شەیتان پەرەست و توند رەون".

پەیگا گامی کچە هونەرمەند بەئەسڵ خەڵکی وڵاتی ئێرانەو لەوڵاتەش لەدایک بووە، لە تەمەنی 6 ساڵییەوە رۆیشتوونەتە وڵاتی ئوستورالیاو لەوکاتەوە تائێستا لە ئوستورالیا دەژێن"، ئەو خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەهەمان وڵات تەواوکردووە، هەروەها دواتر رۆیشتۆتە کۆلێژ بەشی ئینگلیزی و فیلمسازی تەواوکردووە.

پەیگا وەک خۆی باسیکرد لەوڵاتی ئوستورالیا هەر لەتەمەنی 13 ساڵییەوە لەبواری فیلمسازیدا ئیشمکردووە و کاری چەند فیلمێکمان بەرهەمهێناوە بەتایبەتی فیلمی دۆکیۆمێنتی و بەڵگەنامە".

دوای ئەوەی پەیگا گامی لە کاری فیلمسازیدا پەرە بەکارەکانی دەدات ئەو بیرۆکەو کارەکانی بۆ یەکەم جار دەگوازێتەوە، بۆ وڵاتی ئێران و لە ساڵی 2007 سەردانی ئەو وڵاتە دەکات"، وتیشی" دوای ئەوەی بیرۆکەی ئێرانم لەمێشکدابوو گەڕامەوە بۆ ئێران لەوێ هەوڵمدا سێ کورتە فیلمم بەرهەم بهێنم یەکێک لەو فیلمانە لەسەر منداڵان بوو کە منداڵان لەگەڵ یەک چۆن یارییان دەکرد، ئەو فیلمەکەیی تریشم گوزارشتی لەواقیعی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ دەکرد".

کچە هونەرمەندی دەرهێنەر پەیگا گامی لەم دیدارە تایبەتیەیدا لەگەڵ (بارزان) سەرەتا باس لەژیانی ئێزدییەکان دەکات، هەرچەندە ئەو لە خانەوادەیەکی موسڵمانە بەڵام وەک باسیکرد خۆم لەخێزانێکی موسڵمانم و کەسی نزیکیشم نەبووە کە ئاینی ئێزدی پەروەربێت، بەڵام خۆم زیاتر هەوڵم داوە لەوان بگەم و خوێندنەوەیەکم بۆ ژیانییان هەبێت"، پەیگا ئەوەشی وت" کەسی نزیکم نەبووە کە ئێزدی بێت بەو شێوەیەی کە پێیبگوترێت ئەوە بووبێت بەهۆکارێک کەئەو فیلمە دۆکیۆمێنتیە لەسەر ئێزدییەکان بەرهەم بهێنم بەڵام زانیارییەکی باشم هەبووە لەبارەی ئەو ئاینەوەو واش دەزانم نزیکە لە دیانەتی زەردەشت".

بایەخدان بە ژیانی ئێزدییەکان کە لە فیلمەکەی پەیگا گامیەو گوزارشت لە واقیعی ژیانی ئەو خەڵکە دەکات، بەڵام ئەو دەیەوێت بەدۆکیومێنتەوە بڵاوییان بکاتەوە رونیشیکردەوە" هەوڵمداوە لەم فیلمەدا کە ماوەیەکی زۆرە خۆمم بۆی ئامادەکردووە، هەموو لایەنە گرنگەکانی ژیانی ئێزدییەکان بخەمەڕوو بەتایبەتی بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینییەکانیش بگرێتەوە، بێگومان ناتوانین هەریەک لەبوارەکانی ئاینی و کۆمەڵایەتی لێک جیابکەینەوە، چونکە پێموایە هەریەیک لەم چەمکانە تەواوکەری یەکن و هەموویان گوزارشت لەیەک سەرچاوە دەکەن، کە ئێزدییەکان ژیانی لەسەر دەکەن، لایشموایە خۆشی و ناخۆشییە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان تێکەڵاوە".

کچە هونەرمەندی فیلم ساز وەڵامی ئەو پرسیار و گومانانەی خستەڕوو کە بۆچی لەوڵاتێکی وەک عێراق بەتایبەتی کوردستان لە نێو ئەو هەموو ئاین و نەتەوە و کێشەو ئاریشە جۆراو جۆرانەی کە هەیە کوردانی ئێزدی کردۆتە ئامانجی کارەکانی خۆی و دەیەوێت فیلمێک لەسەر ژیان و گوزەرانی ئەوان بەرهەم بهێنێت. وتی" لە بەر ئەوەی دیانەتی ئێزدیم هەڵبژارد چونکە دەزانم دیانەتێکی سەرنج راکێشەو هەروەها کەمینەیەکی کەمیشیان ئێستا لە عێراق ماون، بەشێکیان روویان لەوڵاتانی ترکردووە، هەرچەندە سەردانی هەریەکە لە بەعشیقە و خانک و لالشم کردووە، بەڵام من یەکەم جار کتێبێکم خوێندەوە دەربارەی ئێزدییەکان و ئەو کێشەو ئاریشانەی کە هەیانە ئێستا لام روونبوتەوە، بۆنموونە بەچاوێکی جیاواز سەری ئەوان دەکرێت و پێیان دەگوترێت شەیتان پەرەست"، پەیگا هونەرمەندی فیلمسازی بەناوبانک بەهمەنی قوبادیش بەیەکێک لەو هۆکارانە دەزانێت کە ئەو وایکردبێت، من ئەم فیلمە لەسەر ژیانی ئێزدییەکان بەرهەم بهێنم".

پەیگا گامی باسی ئەو کاتانەی کرد کەرۆیشتمە ناو ئێزدییەکان زیاتر لە کێشەو ئاریشەکانیانم روانی وتی" کاتێک لەنزیکەوە بینیمن هەستم بەوەکرد ئەو ناعەدالەتییەی بەرانبەر ئەوان کراوە بەخەڵکانی ناوچەکانی تری عێراق کەمتر کراوە، بەبەراورد بەو قسە هەڵواسراوانەی کە زۆرکەس سەردانیانی کردوون، کە ئێزدییەکان بەباش وەسف ناکەن، بۆنموونە پێشتر ئەو کەسانەی سەردانی ناوچە ئێزدی نشینەکانیان کردووە، بەشێک لەوانە کاتێک گەڕاونەتەوە بۆ دەرەوە بابەتیان نووسیوە، لەسەر کوردە ئێزدییەکان بە شەیتان پەرەست و خراپ باسیانکردوون، لە هەمانکاتیشدا خواوەندی ئەوان کە مەلیکە تاوسە بەڵام زۆرێک لە موسڵمانان بەشەیتان پەرەست وەسفی دەکەن، لایشموایە ئەو شەیتان پەرەستییەی ئێزدییەکانیان بەشێوەیەکی نێگەتیڤ لێک داوەتەوە کە ئەوان کەسانێکی خراپن و لەگەڵ ئاین و نەتەوەکانی تردا ناتوانن خۆیان بگونجێنن، من ئەمە پەیچەوانەوە دەبینم".

**زۆرکەس لە وڵاتانی دەرەوە ئێزدییەکان بەشەیتان پەرەستی خراپ وەسف دەکەن**

کارکردن لەسەر ئەو فیلمە تابەرهەم دەهێنرێت، بێگومان دەبێت هاوکارییەکەی ماددی لەپشتەوە بێت، بەڵام پەیگا گامی ئەوە رەت دەکاتەوە کە هەتا ئێستا هەر برە پارەیەکیان بۆ ئەو فیلمە و ئیشەکانی وەرگرتبێت. وتی" خەرجی و مەسروفاتی ئیش و کاری ئەو فیلمە لەسەر حیسابی خۆمان بووە، ئێستا وێنەی کلیپەکەم کەتەواو کردووە، بەڵام دەگەڕێمەوە بۆ ئوستورالیا، بۆ ئەوەی لەوێ ئیش لەسەر دەنگ و چۆنییەتی کاری تەکنیکی فیلکەمە بکەین، ئەوکات زیاتر پێویستمان بەهاوکاری ماددی دەبێت". پەیگا ئەوەشی نەشاردەوە کە چەند کەسانێک لە کوردستان بەڵێنی ئەوەیان پێداوە هاوکاری ماددی بکەن بۆسەرخستنی فیلمەکەی. وتیشی" ئیش و کاری فیلمەکەمان تاکۆتایی کارەکانی خۆی لە 30-50 هەزار دۆلارێک دەدات، چونکە پێویستی بەماوەهەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەلای خۆمان بەشێکی زۆری ئیش و کارەکانی خۆمان دەیکەین، هیچ کۆمپانیایەک ئیش و کارەکانمان بۆ تەواو ناکات، مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئێمە سەر بەلایەنێک نین و خۆمان سەربەخۆ کارەکان دەکەین، چونکە ئەو کۆمپانیایانە کە ئیش لەبواری فیلمسازیدا دەکەن پارەیەکی زۆریان دەوێت".

دوای ئەوەی چەند رۆژێکە هاتۆتە کوردستان بەمەبەستی تەواوکردنی بەشێک لەکاری فیلمەکەی پەیگا زیاتر تیشکی خستە سەر کاری فیلمەکەیان و روونیکردەوە، ئێستا لەتەواو بووندایە و ماوەیەکە پێیوە سەرقاڵین و تا قۆناغی یەکەمیمان بڕیوە کە یەکێک لەو کارانەی تەواوکراوە وێنە گرتنەکەیەتی یانی دەکرێت بڵێم ئیشی ئێرەمان تەواوکردووە، هەروەها ئیش و کارەکانم زۆر بەخێرای بەرێکردووە و بەهیچ کەسێکیشم نەگوتووە تائەوکاتەی ئیشکردنەکەم دەستپێکرد تەنها بەهمەنی قوبادی نەبێت".

دەرهێنەری ئەو فیلمەی کە گوزارشت لە ژیانی ئێزدییەکان دەکات زیاتر سەرنجی خستە سەر رۆشنایی ئیش و کارەکانی فیلمە دۆکیومێنییەکەو وتیشی" لەو فیلمەدا لەگەڵ کەسێکی تر کار دەکەم ناوی (حوسێن حەسەن)ە و تەنیا ئەو هاوکاری سەرەکیمە، چونکە فیلمەکەمان فیلمێکی دۆکیومێنتییە وەک چۆن بڵێین بەڵگە ئاساییە ئەو فیلمە زۆربەی کاتەکان بۆ خۆم لەناو خەڵکەکە وێنەکەیم گرتووە، پێموایە ئەوە شتێکی زۆر بەسوود و باش دەبێت، بەتایبەتی بۆ خەڵکی رۆژئاوا، کەراستی ژیانی ئێزدییەکانیان بۆ روون دەبێتەوە"، حەزیشدەکەم ئاماژە بەوە بکەم لەناو فیلمەکەشدا کەس رۆڵی سەرەکی نابینێت بەڵکو بینینی ئەو بەڵگەنامە و وێنەی ئەوخەڵکە گوزارشتێکی هەقیقی دەکات لەژیانی کوردانی ئێزدی کە ئەوە راست و دروستی فیلمەکەیە".

دەرهێنەری فیلمە دۆکیومێنتییەکە لەسەر ژیانی خیزانە ئێزدییەکان زیاتر تیشکی خستەر سەر ئیش و کاری فیلمەکەیان ئەو باسی لەوەشکرد هەرچەندە بەشێکی زۆر لە ئیش و کارەکانی تەواو بووە، بەڵام پێموایە ماوەی سێ مانگی تر دەخایەنێت کە بڵاوی بکەینەوە، چونکە جاری یەکەم کە هاتمە کوردستان باوەڕم بەوە نەدەکرد کە ئیش و کارەکانم لێرە زوو بۆ راپەڕێت، بەڵام خەڵکی کوردستان زۆر هاوکارییانکردووم بەبێ جیاوازی نەتەوەو ئاینی بەتایبەتی دانیشتوانی ئێزدینشین لەسنوورەکانی خۆیان"، پەیگا گامی وەک خۆی وتی" دەمەوێت ئەوەش بڵێم ئەوان مرۆڤێکی باشن و کەسانێکی دڵسۆزییان تێدایە کە رێز لە میوان دەگرن".

کچە هونەرمەندی فیلمساز باسی کۆتایی فیلمەکەی کرد کە مافی بڵاوکردنەوەی ئەو فیلمە دەکەوێتە سەر ئەوەی کێ زیاتر هاوکارمانبووە لە ئیش و کارەکانی فیلمەکەدا. وتیشی" ئەگەر بابڵێین بەشێک لەپارەکەی لێرە دەدرێت تا زیاتر لەو جێگایانە فیلمەکەی تێدا لێدەدرێت، بەڵام ئەوە بەمافی رەوای ئێرەی دەزانین، هەر کۆمپانیایەک گەر بیانەوێت هاوکاریمان بکەن، بەتایبەتی لە دابەشکردنی دەنگەوە دەتوانن هاوکاری زیاتر بکرێن، ئەوا ئەو فیلمە بڵاوکردنەوەی دەدرێت بەو کەسەی زیاتر هاوکاریکردووین، بەڵام ئێستا دەگەڕێین بەدوای یەکێکدا کێیە نازانین لەدەرەوە دەبێت یاخوود لە ناوەوە کە هاوکارمان بێت".

پەیگا گامی ئەوەش وت" مافی فیلمەکەش ئەو کات دەر دەکەوێت دەدرێت بەو کەس و لایەنەی کە هاوکاریکردووین، بێگومان ئەو فیلمەش لەزۆرێک لەوڵاتانی دەرەوە نمایش دەکرێت، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە ئێزدییان زۆرتر تێدایە".





## شان لویس لە بەریتانیاوە بۆ چەمچەماڵ

# تەحسینی خۆشەویستم لە سۆماڵیش بێت سەردانی دەکەم

فەرمان عوسمان

شان لویس کچێکی بەریتانیە بەهۆی پەیوەندی خۆشەوستییەوە لەگەڵ کوڕێکی کوردی دانیشتووی چەمچەماڵ نایەوێت ئەو خۆشەویستیەی لەدەست بدات هەرچەندە ئەو خۆشەویستەکەی بەبیانووی رەتکردنەوەی مافی پەنابەرێتییەوە لەوڵاتی بەریتانیا دیپۆرتکراوەتەوە بەڵام شان ساڵانە سەردانی خۆشەویستەکەی دەکات و نایەوێت دەست بەرداری ئەو کوڕە بێت، وەک خۆی دەڵێت" ئامادەم سەردانی تەحسینی خۆشەویستم بەکەم ئەگەر لە ترسناکترین وڵاتی جیهانیش بێت"

شان لویس ڕۆبەرتس لە دایک بووی ساڵی 1975 ی شارۆچکەی ڕێکسمە لە هەرێمی وێلزی بەریتانیا وەک خۆی وتی ماوەی 11 ساڵ خوێندویەتی و ئێستا بەتەنیا لە شارۆچکەی و دسفیڵد دەژێت کە 20 مایل لە شاری لیدزەوە دوورە و خەریکی کارکردنە لە کارگەیەکدا و لەو شارۆچکەیە ژیانێکی زۆر ئاسایی بەسەر دەبات.

سەرەتای ئاشنا بوونی تەحسین و شان دەگەرێتەوە بۆ ساڵی 2006 بەڵام ئەوەی لای تاکە خۆرهەڵاتییەکان جێگای پرسیارە کە چۆن کچێک یاخوود کوڕێکی رۆژئاوای دەبێت بەهاوڕێی کەسێکی رۆژهەڵاتی بۆ نموونە شان خۆشەویستەکەی کەدوای ئەوەی لەوڵاتی بەریتانیا دیپۆرتکراوەتەوە بەڵام شان نایەوێت دەست بەرداری ئەو کوڕە خۆشەویستەی بێت و سێ مانگ جارێک لە بەریتانیاوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان،

شان لویس ڕۆبەرتس کچێکی پرچ زەردی باڵا بەرزە، ئەو لەگێڕانەوەی دروستبوونی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ تەحسین بێزار نابێت و دەڵێت" ئەو کات من لە شاری لیدز لە چێشتخانەیەکی ئەو شارەکارم دەکرد و تەحسینیش لە کارگەیەکی نزیکمان کاری دەکرد بەروارەکەیم لەبیرە کە ڕۆژی 2006/6/9 بوو تەحسین هات بۆ چێشتخانەکەمان و داوای خواردنیکرد ئەو ڕۆژە ئەو هەستەم لادرووست بوو بەرامبەر بە تەحسین و یەکترمان ناسی من لەو ڕۆژەوە بووم بە نزیکترین کەسی تەحسین لە بەریتانیا"، شان لویس باسیلەوەشکرد کە سەرەتا دەمزانی ئەم کوڕە سەر ڕەشەو خەڵکی ئەم وڵاتە نیە بڕیاردانیشم کەببم بەخۆشەویستی



کەسێکی وا زۆر ئاسایی بووە، بەلامەوە چونکە خۆشەویستیم بەرامبەر بە تەحسین زۆر لەوە گەورەتر بوو کەبیر لە شتی دیکە بکەمەوە، هەرچەندە من دەمزانی بیروباوەڕو ئاینی ئەو جیاوازە، بەڵام هیچ ڕێگرییەک لە بەرامبەر خۆشەویستیدا نیە. لە منداڵیەوە لەگەڵ باپیرو نەنکمدا دەژیم کاتێت بڕیاری خۆشەویستیمدا لەگەڵ تەحسین ئەوان زۆر خۆشحاڵ بوون و هاوکاریشیانکردم".

دوای ئەوەی خۆشەویستەکەی شان ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بەهۆی رەتکردنەوەی مافی پەنابەرێتییەوە زیندان دەکرێت لەیەکێک لە بەندیخانەکانی بەریتانیا بەڵام ئەو ئامادە نەبووە دەستبەرداری تەحسین بێت و دەڵێت" ئەو کاتانەی کە خۆشەویستەکەم دەستگیر کرا زۆر ناڕەحەت بووم بەڵام من بۆ خۆم کارم دەکرد و هەفتانە دوو ڕۆژ سەردانی تەحسینم دەکرد بە هەموو شێوەیەک یارمەتیم دەدا، ئەو سەردان و پشتگیریانەی من وایکرد تا هەشت مانگ تەحسین نەگەڕێننەوە بۆ کوردستان، بەڵام من گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە تەحسین بڕیار بدات بەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی حکومەتی بەریتانیا ئازادی بکەن، ئەوە بوو کە تەحسین یان ئازادکرد و گەرایەوە بۆ کوردستان".

گەرانەوەی تەحسین لە بەریتانیاوە بۆ کوردستان خەمێکی گەورەی بۆ شان دروستکرد دوای ئەوەی تەحسینیان لەبەرواری 2008/8/2 دیپۆرتکردەوە بۆ کوردستان.

شان لویس دەڵێت" زۆر دەڵگران بووم پێم وابوو تەحسین لە زینداندا بوایە باشتر بوو چونکە هەفتەی دووجار سەردانیم دەکرد، بەڵام ژیانم ناخۆش بوو وام لێهات بوو نەمدەتوانی برۆمە سەرکار ئەوەندە بیری تەحسینم دەکرد هەرچەندە ڕۆژانە لە ڕێگای تەلەفۆنەوە یەکتریمان دەدوان، بەڵام وەک ئەوە نەبوو یەکتری ببینین بۆیە بڕیارم دا ئەگەر تەحسین لە سۆمالیش بژێت ساڵانە چەند مانگێک لەگەڵیدا بژێم تا ئەو کاتەی کارێک دەکەم مافی پەنابەرێتی لە بەریتانیا بۆ دابین دەکەم".

ئەو کچە ئینگلیزیە تەمەن 34 ساڵە ئێستا بەسەردانێکی لەوڵاتی بەریتانیاوە گەراوەتەوە بۆ کوردستان و لە شارۆچکەی چەمچەماڵ ماوەی سێ مانگ دەمێنێتەوە لە ماڵی تەحسینی خۆشەویستیدا دەڵێت" ئەو کاتانەی سەردانی کوردستان دەکەم زۆر ئاسایی و بەخۆشییەوە ئێستا خۆم وەک هاوڵاتییەکی کوردستانی هەڵسوکەوت دەکەم زۆر حەزم بە خواردنی ئێرەیە بە تایبەتی خواردنی بامیەو یاپراخ، پێیشموایە کوردستانیش وڵاتێکی جوانە و ڕێزی خەڵکی بیانی زۆر دەگرن، بە هۆی تەحسینەوە چەندین خەڵکی ئەم وڵاتەم ناسیوە بە تایبەت کەسوکاری تەحسین کە پێگەی کۆمەڵایەتی ئێرە جیاوازترە لە ئەوروپا و دەگەڕێمەوە زۆر سەردانی کەسوکاری تەحسین دەکەم و ئەوانیش منیان زۆر خۆشەوێت.

شان لویس لەقسەکردنی دەربارەی کوردستان بێزار نەدەبوو ئەو دیمەنەکانی کوردستانی پێجوانە و دەڵێت" بەڕاستی هەولێر چونکە شارێکی زۆر جوانەو لە هەموو ڕویەکەوە پێشکەوتووە بازاڕی جوانی هەیە و شارێکی سەوزەو سلێمانیش شارێکی جوانە، بەگشتی کوردستان ئەگەر خزمەت بکرێت وڵاتێکی جوانە من سەردانی سەیرانگا کانیشمکردووە هەموویان جوانن".

خۆشەویستەکەی تەحسین حەزیشیکرد باسی ئەوەشبکات، کە لە سەیرانێکیاندا بە کلاشینکۆف تەقەی کردووەو وێنەیەکم بۆ یادگاری گرتووە، چونکە لە ئەوروپا کەس لەو جۆرە چەکانەی نەبینیوە، مەگەر لەتەلەفزیۆندانەبێت، خەڵکی ئەوروپاش لەو چەکانە دەترسن، بەڵام پێموایە ئەگەر بزانی چۆن بەکاری بێنیت، بەوشێوەیە خراپ نییە ئەوان باسی دەکەن".

شان لویس ڕۆبەرتسی تەمەن 34 لە کۆتایی دیدارەکەی لەگەڵ (بارزان)دا زۆر خۆشحاڵی خۆی نیشاندا وتی" ئەم کارەی منیش دەیکەم کارێکی مرۆڤانەیەو بەڵێندانێکە لە نێوان دوو خۆشەوێست بۆیە داوا دەکەم هەرکەس کەسێکی خۆش ویست حساب بۆ ڕێگریی و ئاستەنگی بەردەمی نەکات".

